چاوپێکەوتن

جەلیل قەیسی

# چەند بیرەوەرییەک لەگەڵ "گرووپی کەرکووک"دا

**سازدانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**

جەلیل قەیسی (١٩٣٧ - ٢٠٠٦) چیرۆکنووس و شانۆنامەنووسێکی ناوداری شاری کەرکووکە و بەزمانی عەرەبی دەنووسێت، تا ئێستا چوار کۆمەڵەچیرۆک و چوار کۆمەڵە شانۆنامەی چاپ کردووە. یەکێکە لە ئەندامانی "گرووپی کەرکووک" کە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا رۆڵێکی دیاری لە جووڵاندن و چالاککردنی کەشی ئەدەبی و رۆشنبیریی شاری کەرکووکدا هەبوو، ئەم گرووپە نووسەر و داهێنەری کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشووری و ئەرمەنیشیان تێدا بوو.








له‌٢٤ی مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٤دا له‌كه‌ركووك سه‌ردانیی جه‌لیل قه‌یسیم كرد له‌ ماڵه‌كه‌ی خۆیدا، كۆمه‌ڵێ پرسیارم بۆ خسته‌ڕوو، ئه‌ویش پاش چه‌ند هه‌فته‌یه‌ك وه‌ڵامی پرسیاره‌كانی دایه‌وه‌، به‌ڵام من له‌ كاتێكدا پرسیاره‌كانم پێ دا كه‌ هاوینێكی زۆر گه‌رمی شاری كه‌ركووك بوو و زۆر نه‌بوو رژێمی به‌عس رووخابوو، ئاو و كاره‌با كه‌م بوو و جه‌لیل قه‌یسیش نه‌خۆش بوو و نه‌یتوانی به‌ درێژی وه‌ڵامی پرسیاره‌كان بداته‌وه‌. به‌هه‌ر حاڵ من وه‌ڵامه‌كانیم كرد به‌ كوردی. ته‌واوی چاوپێكه‌وتنه‌كه‌ش به‌ عه‌ره‌بی له‌ ژماره‌ ٦ی ساڵی ٢٠٠٤ی كۆواری «سه‌رده‌می عه‌ره‌بی»دا بڵاو بووه‌ته‌وه‌. دواتر له‌ سایتی ئه‌لیكترۆنی ئیلاف و زۆربه‌ی سایته‌ عه‌ره‌بییه‌كانی تردا بڵاو كرایه‌وه‌.

جه‌لیل قه‌یسی له‌ رێكه‌وتی ٢٠٠٦/٧/٢٧ دا له‌ شاری كه‌ركووك به‌ نه‌خۆشی كۆچی دوایی كرد. له‌ پاش مردنی، سه‌رجه‌م به‌رهه‌مه‌كانی له‌ دوو به‌رگدا و له‌ ده‌زگای ئاراس له‌ هه‌ولێر له‌ ساڵی ٢٠٠٧دا چاپ كرا.

***

* تۆ ماوه‌یه‌كی زۆری ژیانت له‌ كه‌ركووكدا به‌سه‌ر بردووه‌ و تا ئه‌مڕۆش به‌و شاره‌وه‌ گرێ دراویت. ئێوه‌ له‌ شه‌سته‌كاندا گرووپێكتان دروست كرد به‌ناوی "گرووپی كه‌ركووك"، زۆربه‌ی ئه‌ندامانی ئه‌و گرووپه‌ دواتر بیره‌وه‌رییه‌كانی خۆیان نووسیوه‌ته‌وه‌ و هه‌ندێ لایه‌نی پێوه‌ندییه‌كانی ئه‌و گرووپه‌یان ئاشكرا كردووه‌، وابزانم ته‌نیا تۆ هیچ شتێكت له‌باره‌ی گرووپی كه‌ركووكه‌وه‌ نه‌نووسیوه‌. ئایا بیره‌وه‌ریی تۆ له‌گه‌ڵ ئه‌و گرووپه‌دا چییه‌؟

– بەڵێ، من کوڕی کەرکووکم، هەر لەم شارەدا لەدایک بووم و گەورەبووم و کارم کردووە، من بەسەبرێکی رواقی و سوکراتی لەم شارە شووم و نەرمەدا دەستم بە نووسین کرد. تەنیا کەرکووکییەکی راستەقینە لەم شارە قەشەنگە تێ دەگات. چونکە ئەم شارە لە کەمانچەیەک دەچێت کەسی نامۆ دەتوانێت تەنیا لەسەر یەک ژێی کەمانەکە بژەنێت، بەڵام کوڕی راستەقینەی کەرکووک خۆبەخۆ لە تێکڕای ژێیەکانی دەژەنێت و ئاوازێکی هارمۆنیی جوان بەرهەم دەهێنێت.

"گرووپی کەرکووک" بۆ ماوەیەکی زەمەنیی دووردرێژ لە دنیای ئەدەبی ئەم شارەدا وەک مێژوویەکی رەونەقدار دەمێنێتەوە. بۆ نا.. ئەم گرووپە زۆر شتیان بەم شارە بەخشی.. ئازیزم نەوزاد زەمەن مرۆڤ دەهێنێتە بوون، بەڵام مرۆڤ خۆی بەهایەک بەزەمەن دەبەخشێت. قەدەری ئێمە وابوو لەم شارەدا رووناکی ببینین.

من لە ساڵی ١٩٥٩دا فازڵ عەزاویی برا و هاوڕێم ناسی.. ئاه.. بەداخەوە خەریکە لەم رۆژانەدا رۆشنایی یادەوەریم کز دەبێت، بە حوکمی زەمەن و بەشێوەیەکی دراماتیکی خەریکە یادەوەریم خامۆش ببێت، فازڵ عەزاوی پڕبوو لە حەماسێکی گەرم، هێزێکی رووناک لە روح و خەیاڵیدا هەبوو و خاوەنی چەندین خەونی جوان بوو، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە لەسەر نان و ئاوی ئیرادەدا بژی. ئەو هەر وەکو میری شاعیرانی کورد شێرکۆ بێکەس کاتێ شیعر دەخوێنێتەوە وا هەست دەکەیت میرابۆی راستەقینەیە و وتارێکی ئاگرین پێشکێش دەکات. لە دەرەوەی شیعریشدا، فازڵ بەویقارێکی کەهنوتییەوە دادەنیشت و گوێی لە ئەوانی تر دەگرت، بەو بۆنەیەوە فازڵ گوێگرێکی زۆر چاکە، وشە رووناکەکان بەهێزێکی زۆرەوە کاریان تێ دەکرد، ئەو وەکو شاعیرێک بەدوای ئاسمانێک لەجوانترین وشەدا دەگەڕا، فازڵ یەکێ بوو لە بەهرەدارە دەگمەنەکانی ناو گرووپی کەرکووک.

پاشان مۆئەیەد راویم ناسی، ئەم پیاوە نموونەیەکی سەیر بوو لە رکەبەرایەتی و پێداگرتن و بێ پەروایی و بێهودەیی، دەیویست دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرێت، وەک بڵێی بە خەباتێکی سیزیفییانەوە پاسپۆرتی مانەوەی لە بووندا بەدەست هێنابێت.. لە هەناوی ئەم پیاوەدا چاوگێکی ترسناکی پشێوی و شڵەژان هەبوو، زیاد لە جارێک بینیومە بەهۆی رکەبەرایەتییەوە، بە بێدەنگییەکی ڤانکوخییانە جگەرەکەی لە نێو لەپی دەستیدا دەکوژاندەوە، زەحمەت بوو بۆی لەگەڵ کەسانی تردا خۆی بگونجێنێت، تەنانەت لەگەڵ

ژیانیشدا. هیچ کاتێک و بۆ یەک چرکەش بیری لەنێوبانگ نەکردەوە، ئەگەرچی بەهرەیەکی چاکیشی هەبوو، بەڵام بێهوودە ئەو بەهرەیەی سووتاند، زۆر گوێی بەکاری داهێنان نەدەدا، باوەڕی بە هونەر هەبوو، بەڵام ئەو باوەڕە خاڵی بوو لە هیوا. دەیزانی بەچاکی گفتوگۆ بکات، بەڵام کەمێک قورس و تیژبوو، لە کاتی توندبوونی قسە و گفتوگۆکاندا دەیزانی چۆن بە چەند وشەیەکی سیحراوی و بورکانئامێز وا لە کەسانی تر بکات بەهێمنی گوێی لێ بگرن، ئەو پیاوێکی رەق و توند بوو و رەقییەکی ستالینیانەی هەبوو. بیرم دێت جارێکیان لە زیندان پێکەوە بووین، کاتێک هێنایانەوە بۆ ژوورەکە و پشتی خوێناوی بووبوو بەهۆی لێدانی کێبڵەوە، ئەو لەو کاتەدا گۆرانیی دەگوت «ئەمە گەواهییەکە بۆ راستی دەیڵێم»، لای ئەو هەموو ئازارەکان ناچیزەبوون. ئەم وشانەی شاعیری پورتوگالی ریکاردۆ رینیس بەسەر موئەیەددا دەگونجێت: «هێشتا لە ژیاندام و گوێ بە کەس نادەم، من هەمووان ناچاری بێدەنگی دەکەم، ئەوەی قسە دەکات منم».

جارێکیان موئەیەد راوی پێی گوتم: جەلیل، دەمەوێ گەنجێکی ئاشووری قۆز و بەهرەدارت پێ بناسێنم کە شیعر دەنووسێت، ئەو کوڕە گەنجە ناوی سەرگۆن پۆڵسە، ئێوارە وەرە بۆ لام لەوێ دەیبینیت.. ئێوارە چووم بۆ لای، بە لاوێکی قۆز و رێکپۆشی ناساندم زۆر لە ئەکتەری ئەمریکی کۆچکردوو گریگۆری بیک دەچوو، ئەگەرچی لەفزەکانی ئاشوری بوون بەڵام بەعەرەبییەکی جوان قسەی دەکرد و هەندێ وشەی وای بەکار دەهێنا لە گوێی مندا نامۆ بوون. ئەم گەنجە پڕ بوو لە خۆشەویستی، ئامادەبوو خۆی بکات بەقوربانی لە پێناوی ئەوەی لە تەک عاشقانی ژیاندا بوەستێت، باوەڕێکی زۆری بەخۆی و بەژیان هەبوو، هەردوو دەستەکانی بەهەمان روونیی زمان، قسەیان دەکرد، واتە بەدەستەکانی گوزارشتی لە توانایەکی ئیحایی جوان دەکرد. حەماسەتی بۆ شیعر دەگەیشتە حەماسەت و ئارەزوویەکی سۆفیيانە. کاتێکیش لەبارەی ییتس و ئیزرا پاوەند و ئیلیۆت و ئۆدن و بۆدلێر و لۆرەنس قسەی دەکرد، بە کۆمەڵێ وشەی ئاگرینەوە دەدوا بەجۆرێک کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گوێگرەکانی هەبوو. ئەویش دیسان لەزەتی لە ئازار وەردەگرت و دەیگوت ئازار شتێکی موبارەکە، بەتایبەتی ئەو ئازارانەی لەرزینت تێدا دروست دەکات. سەرگۆن لە بەرامبەر بیری ناچیزە و گفتوگۆی ئەمبریقی و نەزۆکدا برۆکانی لێک دەدا و تووڕە دەبوو و شوێنەکەی جێ دەهێشت، لە راستیدا سەرکۆن روحێکی گەشەکردوو و پڕ لە حەماس و ئیرادە و پڕ لە وزەی هەبوو.

بەڵام جان دەمۆ، شتێکی تر بوو، لە دوای مردنی لە رۆژنامەی «بهرا»ی ئاشووریدا

بابەتێکم لەسەر نووسی. ئەو دوایەمین کەس بوو کە توانیی لە خەمۆکییەکەی چاک بێتەوە. بێگومان ئەم پیاوە کەسێکی بەهرەدار بوو، بەڵام هاوکات کەسێکی نائومێد و بێپەروا و هەمیشە مەست و ئاوارە و بوهیمی بوو، نەیتوانی سوود لە نیعمەتی بەهرەکەی خۆی وەربگرێت، هەروەکو نەیتوانی سوود لە دەوڵەمەندی و چڕیی مێرگی روحە بێ کۆتاییەکەی ببینێ، دیسان نەیتوانی سوود لەو خەیاڵەی خۆی وەربگرێ کە بەڕاستی هەندێ جار خەیاڵێکی فراوانی بێ کەنار و بێ سنوور بوو، من بۆ ماوەی پتر لە بیست ساڵ لەگەڵیدا ژیام و بێهوودە هەوڵم دەدا بیخەمە سەر ڕێگەی راستی بەهرە جوانەکەیەوە. بەڵام بۆ یەکجاری کۆچی کردو لە پاش سی ساڵ ژیان لە دنیای ئەدەبدا تەنیا "ئەسماڵ"ەکەی بۆ جێهێشتین.

ئەنوەر غەسانیش یەکێ بوو لەوانەی هاتە ناو گرووپەکەوە. گەنجێکی هێمن و پتەو و چالاک بوو، لە دنیای کارکردندا پراگماتیزمێکی راستەقینە بوو. کەسێکی تری وەکو ئەوم نەبینیوە کە لەگەڵ مەسەلە فیکرییەکاندا ئەوەندە بەسەبر و خۆگر بێت. چەند چیرۆکێکی جوانی نووسی و دەکرا ببێت بە چیرۆکنووسێکی باش ئەگەر وڵاتی جێ نەهێشتایە. ئەو زۆر کەم دەینووسی و بگرە وازی لە نووسین هێنابوو و باوەڕی وابوو ئەو نەفتالینەی دەتوانێت نووسینەکانی نووسەر لە فەوتان بپارێزێت، بریتییە لە هێزی بەهرە. ئەو هەمیشە بەشێوازێکی ئیدیالی راستیی دەگوت. قەت گوێم لێ نەبووە خۆی وەک شارەزایەک دەربخات و فشە بکات. ئەو پەرۆشی گێڕانەوەی حەقیقەت بوو.



هەر لەو کاتانەدا خوا لێخۆشبوو یووسف حەیدەریم ناسی، لە دووکانی برا زێڕینگەرەکەمدا سەری لێ دام، ئەو برایەم لە ساڵی ١٩٦٣ دا بەهۆی کاری سیاسییەوە بۆ ماوەی پانزە ساڵ حوکم دراو ئیتر ناچاربووم خۆم کاروباری دووکانەکە بەڕێوە ببەم. یووسف حەیدەری هات بۆ لام و رۆمانێکی نەجیب مەحفوزی بەدەستەوە بوو، خۆی پێ ناساندم و منیش بە گەرمی تەوقەم لەگەڵدا کرد. یووسف حەیدەری لەو جۆرە کەسانە بوو کە هەر دوای دە دەقیقە لە یەکترناسین ئیتر رەسمییاتی نەدەهێشت و دەستی دەکرد بە

گاڵتـە و قسـەی خۆش و سـوعـبـەت و نوکتـە. حـەیدەری لەو یەکتـربینینەدا بەهێـمنی و بە ناسکی باسی نووسین و خـوێندنەوەکـانی خـۆی بۆ کـردم. بەردەوام لە دووکـان سـەری لێ دەدام. خـاوەنی روحـێکی پڕ لەگاڵتـە و گـەپ و رووخـۆشـێ بوو و بـێ پەردە قسـەی دەکرد و نوکتـەی حـەیابەرەی دەگوت، لە هـەمان کـاتدا پیاوێکی زۆر عاتیفی بوو، ئەو سۆزە گـەرمەی زۆر جار بەسـەر نـووسینەکانیدا زاڵ دەبوو و هـەندێ جـار تێکی دەدەن. من چەندین جار ئەو قـسـە جـوانەی رۆمــاننوسی فـەرەنسـی "ئەندرێ جـیـد" م بۆ دووبـارە دەکـردەوە کـە دەڵێ: "بەسۆزێکی گەرم ئەدەبێکی خراپ دروست دەکەین".

یەکێ لە سـەلبیاتەکـانی حـەیدەری ئەوە بوو کـە زۆر کـەللەڕەق بوو و تەنیـا سـواری سـەری قسـەکانی خـۆی دەبوو. سـەرباری ئەوەی روحـێکی جـوان و رووخـۆشـی هـەبوو و پیـاوێکی تا بلێی دڵپاک بـوو، بەڵام هـەندێ جار زۆر توند و پـەڕگیـر بوو. یووسف حـەیدەری یەکێ بوو لە دڵپـاکـتـرین کـەسـانی گـرووپەکـەمـان کە بـەداخـەوە زوو بـەجـێی هێـشـتین، لە رۆژنامـەی «الثورة»دا مـاتەمینییەکی گەرمم بۆ نووسی. ئەو ئازایانە بەرگـەی ئازارە جوانەکانی ژیانی گـرت. جان دەمـۆ و موئـەیەد راوی بەرامبـەر بە خـێزان زۆر بێپـەروا بوون و خۆیان لە کۆتی خـێزان و خـێزانداری رزگـار کردبـوو. کەچی یووسف حـەیدەری باوکێکی زۆر جـوان و باش بوو و عاشقی خێزانەکەی خۆی بوو.

دواجـار سـەلاح فـایەقـیـش هاتە نێـومـانـەوە. ئێـمـە هـەر هـەمـوومـان، جگە لە سـەلاح و یووسف، ئینگلیزیمان دەزانی، بە ئینگلیزی رۆمانمان دەخوێندەوە و بە دوای ئەدەبی تازەدا دەگەڕاین، ئەمـەش کاریگەرییـەکی زۆری لەسـەر نووسینـەکانماندا هـەبوو. ئێـمـە ئەوسـا بە رێگە و شـێـوازێکی چاک دەسـتـمـان کـرد بـە نووسـینی شـیـعـر و چیـرۆک و شـانۆنامـە، بەچەشنێک نووسـینەکانی ئێـمـە بووە شوێنی سـەرنجڕاکێشـانی نێوەندی ئەدەبیی بەغدا، ئەوان لەبـارەی ئێـمــەوە دەیانگوت «ئـەم کـۆمـەڵە گـەنجـە وەکـو ئینگلیـزەکـان دەنووسن.. نووسینەکانیان سەیر و ئاڵۆز و هاوکات تازەشن..».

نەوزاد گیان گرووپی کەرکووک ئەمانە بوون. بەڵام سەبارەت بە نووسینی بیرەوەرییەکانی خــۆم لەگــەڵ ئەو گـرووپـەدا، ئەوا لەو بـاوەڕەدام ئەگـەر بتــوانم و کـاتیـشـم هـەبێت ئەوا بەرنامەیەک بۆ خۆم دادەنێم و سەرقاڵی نووسینی ئەو بیرەوەرییانە دەبم.

* کەش و هـەوای ئەدەبی و رۆشنبیریی کەرکووک لە سەروەختی «صهیل المارە حول العالم» و «جیفارا عاد افتحوا الابواب»دا چۆن بوو؟

– ئاه.. کەشوهەوای ئەدەبی و رۆشنبیریی ئەو کاتە پڕ لە پشێوی و ناسەقامگیری بوو، کۆنەپەرستیی سیاسی باڵی بەسەر بارودۆخەکەدا کێشابوو، کوشتن و تیرۆرکردنی خۆبەخۆ و عەشوائی دەستی پێ کردبوو، ئیتر ئەو خەونە پەمەییانەی لە شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨دا بنیاتمان نابوو، ون بوون. بەڵێ رۆژگاری «صهیل المارة» رۆژگارێکی پڕ لە نائومێدی و نیگەرانی و ئاڵۆز و مۆتەکە ئامێز بوو. هەر لێرەشەوە ئەو کۆمەڵە چیرۆکەم بەو ناوونیشانە چاپ کرد و هەر لەوێشەوە ئەو چیرۆکانە توێژاڵێکی کافکاوییانەیان گرتبوو. بۆیە سەیر نییە کە شاعیرێکی لوبنانی نووسیویەتی: شایەتی ئەوە دەدەم کە کافکا عەرەبێکی ترە و لە عێراق لە دایک بووە.

### تا تەمەنی هەشت
### ساڵی تەنیا زمانی کوردیم دەزانی

* کەرکوک لە ویژدان و یادەوەریی قووڵی تۆدا بنجی داکوتاوە و پانتاییەکی گەورەیشی داگیر کردووە.
نیو سەدە زیاترە بەم شارەوە گرێ دراویت و لەبارەی ئەم شارە دەنووسیت بێ ئەوەی بتوانیت جێی بهێڵیت. ئاخۆ نهێنیی هۆگریی بێ ئەندازەی تۆ بەم شارەوە چییە؟

– من بەشەیدایییەکی زۆرەوە کەرکوکم خۆشویستووە و تا ئەمڕۆش خۆشم دەوێ و تا لە ژیانیشدا بمێنم هەر خۆشمدەوێ. من کورد و تورکمان و ئاشووری و ئەرمەنی و سابیئەکانی کەرکووکم خۆش دەوێ.

**خۆشەویستیی شاری کەرکووک وەکو ئاگر وایە و لە ئاگرە ئەزەلییەکەی خۆی دەچێت**

**کەرکووک قەسیدەیەکی داگیرساو و پڕ لە رۆشناییە و هەمیشە قودرەتی ئەوەی هەیە بۆنێکی خۆشی روحی و کەرنەڤاڵی و دیونیزیوسی پەخشان بکات و هانی گەش داگیرسان بدات**

تۆ کاتێک بە عەشقێکی راستەقینەوە شارەکەی خۆت خۆش بوێت، ئەوسا بە خێرایی ئاهێک لە ئاهێکی تری ئەم شارە جیا دەکەیتەوە. خۆشەویستیی شاری کەرکووک وەکو ئاگر وایە و لە ئاگرە ئەزەلییەکەی خۆی دەچێت. کەرکووک شارێکی سیمفۆنییە لە چەندین زمان. من هەمیشە لە مامەڵەکردنم لەگەڵ ئەم شارەدا رۆمانسی بوومە و کەسی رۆمانسیش لە خودی خۆیدا دووفاقی دەبێت و واقیع سەبارەت بەو دابەش دەبێتە سەر دنیای مادی Material و دونیای رۆحیی spritua خۆشەویستی روحیم بۆ ئەم شارە.. ئازادی و جوانی و ئاسوودەیی و خۆشەویستیی کەسانی تری تێدا داگیرساندم. باوەڕ بکە کەرکووک قەسیدەیەکی داگیرساو و پڕ لە رۆشناییە و هەمیشە قودرەتی ئەوەی هەیە بۆنێکی خۆشی روحی و کەرنەڤاڵی و دیونیزیوسی پەخشان بکات و هانی گەش داگیرسان بدات. بەهۆی دەوڵەمەندییە زۆرەکەیەوە چەندین جار خوانی تەوتەمییانەی بۆ کەسانی تر ئامادە کردووە و تا ئەمڕۆش لەو تەرزە خوانە ئامادە دەکات. باشە، دوای ئەو خۆشەویستییە هێشتا لەسەری نەنووسم و پابەند نەبم پێوەی؟ بۆ ماوەی چل ساڵ لەم شارەدا و لە پێناوی ئەم شارەدا نووسیومە، بەڵام تا ئەمڕۆش کەرکوک لە بەرامبەر کۆششەکانمدا هیچ شتێکی پێ نەبەخشیوم..ئاه، ئەو کچە قارەمانانەی لە چیرۆکەکانمدا هەن و پێش تۆزێک تۆ باست کردن، ئەوانە روحێکی هەڵۆ ئاسایان هەیە، ئەو هەڵۆیەی کە ئەندرێ جید وەسفی کردووە و دەڵێ ئەمە بۆ ژیانی رۆحی و شیعری زۆر پێویستە. ئەو کچە جوان و ناسک و چەلەنگ و عاشقانەی ناو چیرۆکەکانم، بەڕاستی کەسایەتیی قەشەنگ و ئازان.

* لە زۆربەی ئەو چیرۆک و رۆمانانەی باسی پێوەندیی مرۆڤ بە شارەوە دەکەن، جۆرێک لە شەڕێکی شاراوە دەبینین لەگەڵ شاردا. کەچی لە چیرۆکەکانی تۆدا هەست بە ئاشنایی و گونجانی روحی و غەریزی دەکەین لەگەڵ شاردا، بگرە کارلێکێکی راستەقینەت لەگەڵ شاردا هەیە «کە لێرەدا شاری کەرکووکە» و بەردەوام سۆزت بۆی دەچێت. ئاخۆ شار ئەلتەرناتیڤە؟

- "دڵ" هەڵگری کۆمەڵێ تایبەتمەندییە و هەندێ پاساوی خۆی هەیە کە "عەقڵ" نایزانێت.

من هەر لە منداڵیمەوە کەرکووکم خۆشویستووە و بەدڵ خۆشم ویستووە.. خۆڕسکانە شەریعەتەکانی ئەم شارەم ناسیوە. جا لەبەرئەوەی عەقڵ خۆبەخۆ و بە ئارەزووی خۆی

مەیلی بۆ هەموو ئاراستەکان دەچێت، دەشێت هەندێ جار شتەکان بە ئاراستەی هەڵەدا ببەن. بەڵام دڵی من لەگەڵ کەرکووکدا بە ئاراستەیەکی راستدا دەڕوات و ئەو دڵەم هەرگیز هەڵەم لەگەڵدا ناکات.. من و کەرکووک لە دوو ناوکی بادەمێک دەچین... سەروەری بۆ کەرکووک بەتێکڕای نەتەوە و شەبەنگەکانی....

* زۆربەی قارەمانی چیرۆکەکانت سەر بە نەتەوە جیاجیاکانی شاری کەرکووکن. دەڵێن جەلیل قەیسی وێنەیەکی بچووککراوی شاری کەرکووکە بە هەموو نەتەوە و توێژەکانییەوە. ئاست و مەودای پێوەندیت لەگەڵ نەتەوەکانی کەرکووکدا چۆنە؟ مەبەستم ئاشنایەتیت لە تەک ئەو نەتەوانەدا چۆنە کە لە شاری ئاراپخادا پێکەوە دەژین؟

– وا بزانم وەڵامی ئەم پرسیارەتم داوەتەوە.. خۆشەویستیم بۆ شارەکەم و بۆ ئەو نەتەوانەی تێیدا دەژین، وەک زەواجی کاتۆلیکی وایە، واتە لە تێکەڵبوون و ژنهێنانی کاتۆلیکییانە دەچێت کە هەتاهەتاییە.. خۆشەویستیم بۆ کەرکووک و نەتەوەکانی خۆشەویستییەکی ئەبەدییە و تا دوا هەناسەیە..

* نزیکایەتی تۆ لە کوردەوە چۆنە؟ بە کورتی تۆ تا چەندێک کوردیت و هەروەها نزیکایەتیت بە تورکمان و عەرەب و ئەرمەنەوە چییە؟

– من شانازی بەوە دەکەم کە باوکم عەرەبە و دایکیشم کوردە، دایکم لە عەشیرەتی زەنگەنەیە..

دایکم خاوەنی پاکترین دڵ بووە و لەژیانمدا کەسێکی دڵپاکی وەکو ئەوم نەدیوە، هەروەها لە هەڵوێستە سەختەکانی ژیانیشدا زۆر توند بووە و هەڵوێستێکی توندی وەرگرتووە. دایکم خاوەنی ئیرادەیەکی زۆر پتەو بوو کە هەرگیز خامۆش نەدەبوو. بەڵام باوکم، پیاوێکی هێمن و دڵپاک و ئاشتیخواز بوو و زیاتر حەزی لە تەنیایی و گۆشەگیری دەکرد و بیری دەکردەوە. من هەتا تەمەنی هەشتساڵی جگە لە زمانی کوردی زمانێکی ترم نەدەزانی.

زمانی تورکمانیش لەو گەڕەکەدا فێربووم کە تێیدا دەژیام، لە قوتابخانەشدا ژمارەیەکی زۆر تورکمانی باشم ناسی و تا ئەمڕۆش پێوەندییەکی گەرمم لەگەڵ ژمارەیەک لە داهێنەرە

تورکمانەکاندا هەیە، لەوانە: قەحتان هورمزی، فەخری جەلال، عەبدولڕەزاق شێخلەرزادە، شوکر بەیاتی. تۆ دەزانیت هاوسەرەکەیشم ئەرمەنییە و لە گەڕەکە کۆنەکەماندا ژمارەیەکی زۆری خێزانی ئەرمەنی هەبوون..

* ئەمڕۆ چ خواستێکت بۆ شاری کەرکووک هەیە؟ لەم بارودۆخەی ئێستادا داهاتووی ئەم شارە چۆن دەبینیت؟

- خواستی هەرەگەورەی من ئەوەیە ئاسایش و خۆشگوزەرانی سەرانسەری ئەم شارە بگرێتەوە، هەروەها هەمووان بە گیانێکی دۆستانە و لێبوردووانە هاوکاریی یەکتر بکەن و لە پێناوی هەمووواندا یارمەتیی یەکتر بدەن.. خواستی من ئەوەیە لە هەموو شتێکدا دادپەروەرییەکی راستەقینە بێتە دی، هەروەها یەکێتی..

* بەدرێژایی ماوەی نووسین و داهێنان دەبینین جەلیل قەیسی بەردەوام سەرقاڵی نووسینی چیرۆک و شانۆنامەیە بێ ئەوەی لا لە رۆمان بکاتەوە. ئایا گرفتی تۆ لەگەڵ رۆماندا چییە کە تا ئەمڕۆ نەتنووسیوە؟

- جارێکیان هەوڵم دا رۆمانێک بنووسم، نزیکەی هەشتا لاپەڕەیشم لێ نووسی، بەڵام شەوێکیان جارێکی تر بە هێمنی دەستم کرد بە خوێندنەوەی، ئیتر بەسەرهاتێکی خۆش و نوکتەئامێزم بیرکەوتەوە، ئەویش: جارێکیان کاپتنی ئینگلیزی تۆماس پیانۆیەکی گەورەی بردەوە بۆ گوند و خەڵکی ناوچەکەی بانگهێشت کرد تا گوێ لە سۆناتای «باسیتیک» بگرن، لە کۆتاییشدا بۆچوونی خەڵکەکەی لە بارەی سۆناتاکەوە وەرگرت و ویستی بزانێت رای خەڵکی لە بارەی ئەم مۆسیقایەوە چییە، یەکێکیان گوتی:

"وەڵاهی تەپڵ و زوڕنایەکی خۆش بوو..". منیش کاتێک لە خوێندنەوەی کارەکەی خۆم بوومەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم:

"وەڵاهی نوکتەیەکی خۆشە". ئیترلاپەڕەکانم دڕاند و بۆم دەرکەوت من بەهرەی نووسینی رۆمانم نییە.

## من دیستۆیڤسکی و رامبۆم بینی و قسەم لەگەڵدا کردن

* تۆ هەر لە سەرەتای نووسینتەوە هەستێکی هونەریی خەونامێز و

ئەزمونگەریت هەبووە کە دەشێت ئەمە لە پشتی گۆڕینی شێوازی نووسینی چیرۆکەکانتدا بووبێت، مەبەستم بەکارهێنانی شێوازێکی تر کە بریتییە لە تێکەڵ کردنی خەون و واقیع و ئەفسانە لە میانی پێکەوە گرێدانی زەمەنی ئێستا و زەمەنە دێرینەکان. پرسیارەکەم ئەمەیە: لەلای تۆ ڕێژەی واقیع و خەون لە ژیانی تایبەتیت و لە چیرۆکەکانتدا چەندە؟ چونکە دەبینین قارەمانی زۆربەی چیرۆکەکانی ئەم دواییەت ناوی جەلیل قەیسییە.

– ئەفلاتون جارێکیان گوتوویەتی هونەرمەندان نیوەشێت و نیوەخواوەندین، لایەنی شێتیی هونەرمەند ئەوەیە کە دوچاری شڵەژانی دەروونی و هەستێکی هەڵچوو و پشێوی دەبێت، دەزانی ئەمانە خانەکانی مێشکیان لە حاڵەتێکی نائاساییدان و هەندێجار ئەم حاڵەتە شەپۆلێکی لەرینەوەی پڕ لەئاماژەی لەلادا دەخولقێنێت و تێیدا وێنەیەکی بینراو و بیستراو و نەغمەدار دەبینێت، بۆیە دەبینیت هەندێ جار هونەرمەندان کەسانی ئاسایی نین و ناتوانن بە روحێکی گەرمەوە تێکەڵ بە کەسانی تر ببن، بەڵام زۆر جار پێوەندییەکی روحی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبەستن کە خۆشیان دەوێن. باوەڕم پێ بکە و جارێکی تریش دەیڵێمەوە باوەڕم پێ بکە من لە چیرۆکی «گەشبوونی پلازمای خەیاڵ»دا بە چاوەکانی خۆم دیستۆیڤسکیم بینی، دەمبینی دیستۆیڤسکی لە بەرامبەرمدا دانیشتووە و دەمدوێنێ. هەروەها لە چیرۆکی «نازەمەنی»دا لە تەک ئەسکەندەری مەکدۆنیدا قسەم کرد و لە چیرۆکی «گەورەی فریشتەکانی شیعر»یشدا لە تەک رامبۆی شاعیردا قسەم کرد. ئەزانی ئەوان لێیان دەپرسیم ناوت چییە، منیش زۆر بەئاسانی ناوی راستەقینەی خۆم پێ دەگوتن. نەوزاد من بەڕاستی دیستۆیڤسکی و رامبۆم بینی.

سەبارەت بە ڕێژەی واقیع و خەونیش، ئازیزەکەم، وەک فرۆید دەڵێ، لە کاتی نووسیندا ئاگایی ئاوێزانی نائاگایی دەبێت، خەونیش تێکەڵ بە واقیع دەبێت، یان بە پێچەوانەوە واقیع دەچێتە نێو جیهانی خەون و ئەفسانەوە. تۆڵستۆی جارێکیان وتوویەتی: "چەند حەز دەکەم لەوکاتەدا خۆم ببینم کە دەنووسم".

* دەڵێن تۆ کەسێکی گۆشەگیریت و لە پێوەندییەکانتدا زۆر هەستیاریت و لە رووناکی دوور دەکەویتەوە و خۆت دەخزێنیتە نێو چوارچێوەی خەیاڵە تایبەتییەکانی خۆتەوە کە داهێنانی لێ دەچۆڕێت. هەرکەسێک تۆ دەناسێت

دەڵێت جەلیل قەیسی جۆرە نێرگسییەتێکی تایبەتی هەیە. ئایا بەڕاستی تۆ نێرگسیت؟

– یەکێ لەلایەنە خراپەکانی نێرگسیزم بریتییە لە Exhibtionism واتە خۆدەرخستن و خۆنواندن و زۆر بەکارهێنانی وشەی "من". ئێستا تۆ تێبینی وشەکانی خۆت بکە کە بە من دەڵێیت کەسێکی گۆشەگیرم و زۆر هەستیارم لە پێوەندییەکانمدا و لە رووناکی دوور دەکەومەوە و لە نێو چوارچێوەی خەیاڵە تایبەتییەکانی خۆمدا دەژیم و .. هتد. تۆ تێبینی ئەوە بکە من تا چ ئەندازەیەک دوورم لە نێرگسیزم.

مروڤی گۆشەگیر هەرگیز ناتوانێت کەسێک بێت خۆی دەربخات و کەشوفش بکات، چونکە ئەو کەسە زۆر بە سادەیی دوچاری خەمۆکی و تەنیایی و ماتی بووە. بەڵام لێرەدا چەندین نووسەر هەن دوچاری نێرگسیزم بوون. بۆ نموونە ئۆسکار وایلد، جارێکیان بە کەشتی بەرەو ئەمریکا گەشتی کرد و کاتێک گەیشتە کەنارەکانی نیویۆرک ئەفسەری پاسپۆرتەکە داوای پاسپۆرتی لێ کرد، ئەویش گوتی من ئۆسکار وایلدم، ئەفسەرەکەش بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی: ئۆسکار وایلد کێیە؟ ئەویش بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: چی؟ نازانیت ئۆسکار وایلد کێیە؟.. هتد

بێگومان چەندین نووسەر هەن بە وڕێنەیەکی زۆرەوە باسی خۆیان دەکەن و لە هەموو بۆنەیەکدا خۆیان دەردەخەن و دەڵێن ئێمە پتر لە چل کتێبمان چاپ کردووە..

* ئایا نیازی ئەوەت نییە بیۆگرافیای خۆت بنووسیتەوە؟

– من لە چەندین دەفتەردا بیرەوەرییەکانم نوسیوەتەوە، لە تەک ژمارەیەکی زۆری تێبینی لە بارەی ئەو ئەدیبە عەرەبانەی ناسیومن، بۆ نموونە ئەدۆنیسی شاعیر و یوسف ئەلخال و ئەنسی ئەلحاج و ئیبراهیم ئەسلان و ژمارەیەکی زۆری نووسەرانی عێراقی و کورد و تورکمان. بەڕاستی من ئێستا زۆر ماندووم و بێتاقەتی زۆر شتم، کارەباش بە زستان و بەهاوین زۆر کەمە، ئەم کەشە و هەوایە هانی نووسین نادات، من ناتوانم بەسەر ئەم دۆخەدا زاڵ بم، بێ خواستی خۆم تەسلیمی ئەم بارودۆخە سەختەی ئەمڕۆ بوومە، ئەمە جگە لەوەی بەردەوام قاچەکانم ئازارێکی زۆریان هەیە بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا. بەڵێ من تەسلیمی ئەم بارودۆخە دەبم، رێک وەک ئەو سەربازەی هەر چوار دەوری بە دوژمن گیراوە. تۆ دەزانیت ئەوەی ئێمە تاچ ئاستێک دوچاری ناڕەحەتی بوو، بەتایبەتی ئێمە کە

وڵاتمان جێ نەهێشتووە و لە هەموو بارودۆخێکدا هەر لە عێراقدا ماوینەتەوە و ئازار و مۆتەکەی سی ساڵ زیاتری حوکمێکی پۆلیسی و فاشیمان چەشتووە. بەڵێ ئێمە دوچاری تەمەڵییەکی سەیر بووین کە شاعیری ئێرلەندی ییتس ناوی دەنێت "تەمەڵییەکی پڕ لە کۆشش"، بەڵام من سەرباری هەموو ئەم شتانە، هێشتا دەنووسم.

* لە چیرۆکی «فۆبیا»دا کاتێک قارەمانی چیرۆکەکە – واتە جەلیل قەیسی – بیر لەو ژمارە زۆرەی وشەی "ترس" دەکاتەوە کە لە بچووکترین بەشی رۆمانی "ئانا کارنینا"ی تۆلستۆیدا بەکار هاتووە، لەپڕێکدا سیسارکێکی زۆر گەورە خۆی بەژووردا دەکات و لەگەڵ جەلیل قەیسیدا دەکەوێتە گفتوگۆ، دواجار بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو سیسارکە گریگۆری سامسای قارەمانی چیرۆکی «مەسخ»ی کافکایە. ئایا لە رووی سایکۆلۆجییەوە پێوەندیی تۆ بە گریگۆری سامساوە چییە؟

– پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، بهێڵە با دان بەم حەقیقەتەدا بنێم کە حەقیقەتێکی خۆمە، شەکسپیر و دیستۆیڤسکی و کافکا، هەریەکەیان بە بلیمەتی و بە رێگەی تایبەتیی خۆیان قەدیسێکی شفابەخش بوون بۆم، من لەمیانی ئەوانەوە خۆم و کەسانی تر و ژیانیشم ناسی، ئەوانە تا ئەم چرکەساتەش وەکو پاسەوانی فریشتە ئاسای منن. من ئەوکاتە وەڵامی پرسیارەکەتم دایەوە کە باسی پشێویی دەروونیم بۆ کردیت و باسی ئەوەی چۆن دیستۆیڤسکی سەردانیی کردووم.

رۆجیە گارۆدی لە کتێبی "ریالیزمی بێکەنار"دا دەڵێت: «کافکا کەسێکی نائومێد نەبوو، بەڵکو شایەتی چەرخەکەی خۆی بوو، هەروەها کافکا شۆڕشگێڕ نییە بەڵام چاوەکان دەکاتەوە». منیش کاتێک رۆمانی مەسخی کافکام خوێندەوە، هەستم کرد بینایيم زۆر لە جاران بەهێزتر بووە، هەروەها هەستم بەوە کرد کە ئازار و خەمەکانی گریگۆری سامسا رۆح و جەستەی منیان خاو کردەوە و بۆ ماوەیەکی درێژ خەونم پێوە دەبینی. کافکا دەڵێت "من وەکو نامۆیەک دەژیم و لە نامۆکان زیاتر نامۆییانە دەژیم"، کاتێکیش چیرۆکی «فۆبیا»م نووسی کە لە بنەڕەتدا ناونیشانەکەی Anthophobiaیە، واتە ترس لە بینیی کەسی نامۆ، من لەو کاتەدا دوچاری تەنیایی و گۆشەگیری بووبووم و بیرم لە کافکا و رۆمانەکانی دەکردەوە، باڵەکانی خەیاڵم بەهێزێکی زۆرەوە منیان بەرەو کافکا و بەرەو

جیهانە خورافییەکەی برد، لەپڕ هەستم کرد گریگۆری سامسا بە هێواشی بەرەو ژوورەکەم هەنگاو دەنێت، رێک وەکو ئەوەی هەندێ جار هاورێییەکم دێت بۆ لام و وەک ئەوەی هەندێ جار تۆ دێیت بۆ لام.. ئاه، خەیاڵ و ژانداری و ژیان و نووسین، ئەمانە جەنەراڵەکانی روحن. ئاه.. چەند هەست بە خەم و ئازار دەکەم کاتێک لێم تێ ناگەن.

* لە چیرۆکی «میسۆپی»دا کچێک کۆمەڵێ نامەی زۆر جوانت بۆ دەنووسێت و گوزارشت لە سەرسامیی خۆی بەرامبەر بەخۆت و بەچیرۆکەکانت دەکات، تۆیش نازانیت ئەو کچە کێیە، بەڵام هۆگری دەبیت. کەچی لە چیرۆکی (چێژێکی تەماوی)دا کە درێژکراوەی چیرۆکەکەی پێشووە و دوای ئەوە بڵاوت کردەوە، هەمان ئەو کچە دێ بۆ لات کە ئەو نامە ئاگرینانەی بۆ نووسیویت، بەڵام سەیر ئەوەیە تۆ لەم چیرۆکەیاندا بەساردوسڕی و بێ پەروا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت و هەندێ جار لەگەڵیدا دڵڕەقیت. سەیرە.. بۆچی؟ بەتایبەتی دوای ئەوەی بۆت دەرکەوت ئەمە ئەو کچەیە کە نامەکانی بۆ نووسیویت و تۆی بە میسۆپی وەسف کردووە.. بۆچی ئاوا بە دڵڕەقی و ساردی قسەت لەگەڵدا کردووە.. ئاخۆ لەم کردەوەیەت پەشیمان نیت؟

– راست دەکەیت.. بەڵام ئەمە بەهۆی خۆشەویستیی زۆرم بۆی، وای لێ کردم کەمێک فەرامۆشی بکەم، واتە ئەو خۆشەویستییەی بەبێدەنگی دوچارم بووبوو، ئەو وەکو پڵنگێکی راستەقینە دەرکەوت کە بە تەواوی متمانەی بەخۆی هەیە.. بەم بۆنەیەوە ئایا دەزانیت ئێمەی بەشەر هەندێ جار

**هەندێ جار توندوتیژی رێگەیەکە بۆ ناساندنی خود**

**گەواهی دەدەم کە من راوچیی ژنان نیم، بەڵام ناسکی و هێمنی و رۆشنبیریم و هەندێ جاریش بەهۆی ئەوەی چەندین زمان دەزانم**

ئاژەڵە دڕەندەکانمان خۆش دەوێت؟ بۆ نموونە پڵنگ و هەڵۆ. من بە بێدەنگی شێوازی توندی ئاخاوتنیم خۆشویست. هەندێ جار توندوتیژی ڕێگەیەکە بۆ ناساندنی خود.

ئەو دەیویست بەشێوەیەکی دڕندانە خودی خۆی بسەلمێنێ.. بەڵێ منیش بە ساردی مامەڵەم لەگەڵدا کرد، بەڵام لە ناخدا ئارەزوویەکی گەورە و گەرمم هەبوو کە بەدەستەکانم بیگرم و لە ئامێزێ بگرم..

دەشێت پاساوەکانم قەناعەتت پێ نەکەن، بەڵام بێ توانایيم لە خستنەڕووی پاساوەکان وام لێ دەکەن زیاتر لۆجیکی بم.

## من شەیدای جوانیم و جوانیش ڕاڤە ناکرێت

* تۆ تەمەنی شەست ساڵیت تێ پەڕاندووە و هێشتا زەوقێکی جوان و گەنجانەت هەیە. لەم ساڵانەی دواییدا و لە دەیەی شەستەکانی تەمەنتدا کۆمەڵێ چیرۆکت لەسەر ئەو کچە جوانانە نووسیوە کە سەرسامن پێت، یان ئەوانەی هاوڕێتن و دێن بۆ لات و کاتێکی شیرین بەسەردەبەن، بۆ نموونە لە چیرۆکی «نیدابە» و «بەردی مەعشوق بۆ شازادە شاشا» و «کچێک لە ڕەنگی زیو» ئافرەتی جوان دێن بۆ لات و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن و بگرە لەگەڵ هەندێکیاندا سێکس دەکەن. ئاخۆ ئەم هەست و ئارەزووەی ئێستات ناگەڕێتەوە بۆ خەونی متبوو و بۆ ئەو غەریزە مەکبوتانەی فرۆید باسی دەکات؟ چونکە خەون لەو چیرۆکانەی تۆدا دەبێتە وەسیلەیەک بۆ گواستنەوەی ئارەزووەکان لە خەیاڵەوە بۆ واقیع و بە پێچەوانەشەوە، مەبەستم خەونی سێکس و شەراب و جەستەی ژن و لەزەتی فڕین و چوونە نێو دنیای یۆتۆپی..

– من عاشقی ئافرەتی جوانم.. لەلای من ئافرەتی جوان پیرۆزە.. حەز دەکەم لە دوورەوە چێژ لە جوانییەکەی وەربگرم.. ئارەزووم لە پێوەندیی عوزرییە.. جا لەبەرئەوەی زۆر زەحمەتە جوانی ڕاڤە بکرێت بۆیە کاتێک جوانی دەبینم دەکەومە ژێر ڕەحمەتی شەپۆلێک لە هەست و سۆز کە ئیتر لەوێدا لۆجیک ون دەبێت. شاعیرێکی مەزن لە لووتکەی خۆشەویستیدا داوای لە خۆشەویستەکەی کردووە نەعلەکانی بداتێ تا شەوان ماچیان بکات. بەڵام ئافرەتی جوان و ڕۆشنبیر بۆ من ڕزگارکەرێکە.. گەواهی دەدەم کە من ڕاوچیی ژنان نیم، بەڵام ناسکی و هێمنی و ڕۆشنبیریم و هەندێ جاریش بەهۆی ئەوەی چەندین

زمان دەزانم، ئەمانە یارمەتییان داوم کە ژمارەیەکی زۆری ئافرەت بناسم تێیاندا هەیە ناشیرینە و هەیشە زۆر جوانە و هەندێکیشیان زۆر کراوەن و هەندێکی تریان نیمچە بەرەڵا و نیمچە سوزانین.. من چەندین ئافرەتی ئەڵمانی و ئەمریکی و بیانیم ناسیوە، هەروەها ئافرەتی تورکمان و کورد و ئەرمەنیم ناسیوە، لە تافی لاویمدا کچێکی جولەکەم خۆشویستووە. بەڵێ ئافرەتم لە هەموو رەنگێک و لە هەموو تامێک ناسیوە، بۆیە دەبینیت بە ئاسانی لە چیرۆکەکانمدا بەرجەستەیان دەکەم و زۆر جار لەگەڵیاندا دەچمە ناو دیالۆگێکی فکرییەوە، ئەو ئافرەتانە وەک کەسانی ئازا و چەلەنگ و خۆگر دەخەمەڕوو، من بەرگەی ئافرەتی ترسنۆک و پەشێو و پەراوێزکراو ناگرم.. لەگەڵ ئافرەتی بوێر و بەهێزدا هەست بەحاڵەتی چێژ و مەستییەکی پڕ دەکەم. تۆ خەیاڵی ئەوە بکە لەگەڵ کچێکی هاورێی جوان دایت، ئایا دەتوانیت حاڵەتە دەروونییە هەڵچووەکەت بپێویت؟ مەحاڵە، چونکە لە دانیشتنێکی وەهادا یەک چرکە دەبێتە ئەبەدی.. گوێ بگرە، لە ئیسحاحی دەیەمی ئینجیلی یوحەنادا ئەم رستە جوانە هاتووە:" لەو ساتەوەختەدا زەمەن نامێنێت"، لەگەڵ ئافرەتی جوان و رۆشنبیر و ئازاشدا هەرگیز زەمەن نامێنێت. تۆ دەڵێی ئەم هەستەی ئێستام کە لە تەمەنی شەستەکاندام دەگەڕێتەوە بۆ خەونە متبوو و بەدینەهاتووەکان.. دەشێت وابێ و لەوانەیشە وانەبێت .. نووسەر هەمیشە هەوڵ دەدات خەونە بەدی نەهاتووەکان بۆ کەسانی تر بهێنێتە دی. تۆ پرسیاری خەونی سێکسیم لێ دەکەیت.. زانای دەروونناس کارل یۆنگ دەڵێت:"سێکس یان وزەی سێکسی پاڵی بە کازانۆڤا نەناوە تا شەیدای ئافرەت بێت و بیان هێنێتە نێو بازنەکەی خۆیەوە، بەڵکو جۆرێک لە ئارەزووی دەسەڵات و هەروەها قەناعەت هێنان بەخۆی کە کەسێکی گرینگە، ئەمانە پاڵنەر بوون"، ئێمە و ئافرەتەکانیش قەناعەتمان بە خۆمان دەکرد کە ئێمە وەکو بوونەوەر کەسانی گرینگین..

* لە هەندێ لە چیرۆکەکانتدا ئەفسانەی سۆمەری و بابلی و بگرە ئەفسانەی کۆنی یۆنانیش تەوزیف دەکەیت. گرینگی ئەم ئەفسانانە لەلای تۆدا چییە و چۆن لە چیرۆکەکانتدا بەکاریان دەهێنیت؟ ئاخۆ لە سەرەتادا ئەفسانەکان دەخوێنیتەوە تا دواجار لەگەڵ چیرۆکێکدا بیگونجێنیت، یان بیرۆکەیەکت هەیە و ئەو بیرۆکەیەکی لە ئەفسانەکانت بەبیر دەهێنێتەوە و دواجار لە چیرۆکێکدا تێکەڵیان دەکەیت؟

– با پێت بڵێم، من زۆر شەیدای کەلەپووری باوباپیرانم لە سۆمەری و بابلی و ئەکەدی و

ئاشـوورییـەکـان، ئەوانە بەشـێوەیەکی شـانۆیـی نەزریان تێ ئاخنیـوە و چەندین داسـتـان و ئەفسـانەیان خـوڵقـاندووە، کـەشـوهـەوایان پڕ کـردووە لە فـریشـتـە و شـەیتـان و ئیـتـر پرۆسـەی سـیـحـر و فـاڵ و زۆرشـتی تریان کـردووە و گرینگترین داستانیان نووسیوە کە داستانی گەلگامێشـە، ئەو داسـتـانەی تا ئەمـڕۆش لەتەک داسـتـانە مـەزنەکـانی جیـهـاندا دادەنرێت وەکـو داسـتـانی ئەلیـادە و ئۆدیسـە و مـهاراتـا، ئەوانە جوانـترین یاسایان داڕشـتووە و تەفسیـری خـەونەکـانیـان کـردووە و نهـێنیـیـەکـانیـان نووسـیـوەتەوە و سـەرسـوڕهـێنەرترین پەیکـەریان دروست کـردووە کـە تا ئەمڕۆش زانـایانی پاشمـاوە دێرینەکانیـان سەرسام کردووە. من کـاتێک دەستم بەخـوێندنەوەی ئەو داسـتان و ئەفسـانانە کـرد، پێم سـەیر بوو کـە هیچ چیـرۆکنووسـێک بایـەخی بەم کەلەپوورە نەداوە. بەڵێ من شتگەلێکی زۆر جوانم تێدا بینین و لە هـەندێ لە چیـرۆکـەکـانمدا تەوزیفم کـردوون و تۆش ئاگـەداری ئەو چیـرۆکـانەیت، هـەر لە چیرۆکی «مـەملەکـەتی تیشکەکان»ەوە تا دوا چیرۆکم بەناوونیشـانی «بەیانییـەکی پڕشنگدار لەگـەڵ شـازادە می سی» کـە مـاوەیەکی تر لەکۆواری «بانیپاڵ» بڵاو دەبێـتەوە.

* تۆ هـەندێ جـار روانینەکـانت لە تێکسـتـێکی شـانۆییـدا دادەڕێژیت و هەندێ جـاری تریش لە چیـرۆکـدا. دواجـار چۆن ئەم ژانرە یان ئـەویدی هەڵدەبژێریت؟ ئاخۆ بابەتێکی دیاریکراو ناچارت دەکـات شـێـوازی شـانۆنامـە یان چیـرۆک هەڵبژێریت؟

– با پێش هـەمـوو شـتێک لە بارەی شـانۆوە بدوێم.. لای تۆ شـاراوە نییـە کـە چیـرۆک و شـانۆنامـە و ڕۆمـان لە دوای

**بەخۆشـەویستی و رامانێکی زۆرەوە سـەدان شانۆنامـەم خوێنـدووەتەوە، کاتێکیش شـانۆی عـێراقـی لـە حەفتاکاندا لـەوپەڕی گەشـەسـەندندا بوو**

**لـە وڵاتێکی وەکو فەڕەنسـا چەندین ڕۆمـانـنووس هـەن، کەچی ژمارەیەکی زۆر کەم نووسـەری شـانۆ هـەن**

جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هاتنە ناو دنیای ئێمەوە و ئەمانە داهێنانی ئەوروپین. من بەخۆشەویستی و رامانێکی زۆرەوە سەدان شانۆنامەم خوێندووەتەوە، کاتێکیش شانۆی عێراقی لە حەفتاکاندا لەوپەڕی گەشەسەندندا بوو، من نووسینی چیرۆکم خستە لاوە و بۆ چەندین سال وازم لێ هێنا و خۆم بە نووسینی شانۆنامە سەرقال کرد. لەو قۆناغەدا شانۆی عێراقی تێکەڵ بە شانۆی میللەتانی تریش بوو و بەداهێنانێکی زۆرەوە کاری لەسەر تەکنیکی رووداوە قورسەکان دەکرد و بە قووڵی کەلەپووری فیکریی خۆی دەدواند و تێکەڵ بەلایەنی هەستی و کۆمەڵایەتی و سۆز و داهاتووی کۆمەڵگەکەی خۆی بوو، باوەڕ بکە ئەوەندەی نەمابوو شانۆیەکی باروکی بنیات بنێین وەکو چۆن لە کۆتایی شەستەکاندا چیرۆکی باروکیی سیحرئامێزمان خولقاند. من لێرەدا وشەی «باروک» بەکار دەهێنم کە وشەیەکی پورتوگالییە و دواتر بوو بە زاراوەیەکی جیهانی، باروک لە مانا ئاساییەکەیدا واتە مروارییەکی نارێک، بەڵام لە مانا ئەدەبییەکەیدا کە من مەبەستمە واتە رەسەنایەتی و نامۆگەرایییەکی سەرسوڕهێنەر و چوونە نێو قوڵایی و بەپیت و بەرەکەت و پڕبوون و دەوڵەمەندی و.. هتد، من ئەم شتەم لە کوردستانیشدا بینیوە بەتایبەتی لە سلێمانی کە دەستەبژێرێک لە چاکترین بەهرەمەندانی کچ و کوڕی شانۆکار پێشڕەویی ئەو جۆرە شانۆیەیان دەکرد. ئایا دەزانیت نووسینی شانۆنامە چەندە قورس و زەحمەتە؟ تۆ تێبینی ئەوە بکە لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا چەندین رۆماننووس هەن، کەچی ژمارەیەکی زۆر کەم نووسەری شانۆ هەن، لە دوای مردنی جان جینیە و جان ئانۆی و یۆنیسکۆ، نووسەرێکی شانۆیی گرینگ دەرنەکەوتووە. لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکاشدا لە پاش مردنی تینسی ویلیامز و ئارسەر میللەر، تەنیا یەک نووسەری شانۆیی دەرکەوتووە، ئەویش ئیدوار ئەلبییە و ئەویش ئێستا وازی لە نووسین هێناوە. لە ئینگلتەرەدا جۆن ئۆزبۆن و شیلادیلۆنی پیربوون و نەمان.. لەو وڵاتە پێشکەوتووانەدا دەیان و بگرە سەدان رۆماننووس و چیرۆکنووس و شاعیر هەن، کەچی ئەوانەی لە بواری شانۆدا دەنووسن زۆر کەمن.

من لەو قۆناغەدا پتر لە ٣٠ شانۆنامەی یەکپەردەییم نووسی.. بەڵام دواتر شانۆی بازرگانی هات و ئیتر شانۆیەکی هەرزان و قەشمەرجاڕی، گۆڕەپانەکەی داگیر کرد و رژێمی فاشیی بەغداش پشتگیریی ئەو جۆرە شانۆ خراپەی دەکرد، ئێمەش ناچار بووین وازبهێنین و لەو کەشوهەوایە دوور بکەوینەوە. من لە هەشتاکان بەدواوە هیچم نەنووسیوە تەنیا سێ شانۆنامەی کورت نەبێ، ئیر جارێکی تر گەڕامەوە بۆ دنیای چیرۆک. پرسیاری ئەوەم لێ دەکەیت بۆچی هەندێ جار شانۆنامە و هەندێ جاریش چیرۆک بۆ داڕشتنی

فیکرەکەم هەڵدەبژێرم. لە راستیدا مەسەلەی نووسەر شتێکی سەیرە.. ئەو لە چرکەساتی بەهرەوە دەست پێ دەکات.. ئەو چرکەساتە پڕ لە بەهرە و لەهەمان کات سەیر و سەمەرەیە دوورە لە مەسەلەی ئەقڵییەوە و دوورە لە ئاگاییەوە، دیسان دوورە لە ئیرادە و دەسەڵاتەوە، نووسین لە پڕێکدا دێت و بەشێوەیەکی سەیر و چاوەڕوان نەکراو دێت. گوێ بگرە، جارێکیان دیستۆیڤسکی بڕیاری دا لێکۆڵینەوەیەک بنووسێت لە بارەی ئیدمانی میللەتی رووسی بە خواردنەوەی مەی، کەچی بابەتەکەی گۆڕا و شاکارە نەمرەکەی «تاوان و سزا»ی لێ بەرهەم هێنرا. من هەندێ جار دەست بەنووسینی چیرۆکێک دەکەم، کەچی دواجار دەبێت بەشانۆنامە، پێچەوانەکەیشی راستە.

* شانۆ واتە دیالۆگ، مەبەستم ئەوەیە ئاساییە دیالۆگ لە شانۆنامەدا هەبێت، بەڵام ئێمە لە چیرۆکەکانی تۆدا دیالۆگێکی ئێجگار زۆر دەبینین. بۆچی ئەو بایەخە گەورەیە بە دیالۆگ دەدەیت؟ ئاخۆ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بێدەنگییەی لە ژیانی رۆژانەدا پرۆسەی دەکەیت؟ ئایا خۆشەویستی زۆری تۆ بۆ شانۆ وای لێ کردوویت دیالۆگێکی زۆر بئاخنیتە نێو چیرۆکەکانت؟ چونکە من وای دەبینم هەر دەرهێنەرێکی شانۆیی دەتوانێت بە ئاسانی چیرۆکەکانی تۆ لەسەر شانۆدا دەربهێنێت.

– ئەزانی من لە دیستۆیڤسکیی مەزنەوە فێری هونەری نووسینی دیالۆگ بووم. تۆ تێبینی ئەوە بکە کاتێک شاکارەکانی ئەم پیاوە مەزنە دەخوێنیتەوە، بە قووڵی شارەزای لایەنە هەرە وردەکانی بیر و هەست و ئازار و وڕێنە و هەڵچوونی کەسایەتییەکانی دەبیت، بێگومان لە رێگەی دیالۆگەکانییەوە هەست بەو شتانە دەکەیت. لە راستیدا نووسینی دیالۆگ هونەرە.. نووسینی دیالۆگی جوان و قووڵ و فەلسەفی بە شێوەیەکی خۆبەخۆیی شتێکی زۆر زەحمەتە.. وەک چۆن شاعیری داهێنەر بە دوای وشەیەکدا دەگەڕێت کە لە فەرهەنگدا نییە و بە زەحمەت دەدۆزرێتەوە، منیش هەندێ جار بە دوای ئەو جۆرە وشانەدا دەگەڕێم تا بیخەمە سەر زاری ئەم یان ئەو کەسایەتییەوە.